# سۆبارتۆ
# دارمانی سلێمان-ی (نا) حەکیمی هاوچاخ




**زاهیر رۆژبەیانی- کۆزاد**

ساڵی 2006 لە سیمیناری دووەمی رۆشنبیریی دهۆکدا (حەلیم یوسف)ی چیرۆکنووس‌و رۆماننووسم لە نزیکەوە ناسی، کاتێك کە باسێکی لەسەر رەوشی چیرۆکی کوردی پێشکەش کرد، ئەگەرچی پێشتریش لە رێی خوێندنەوەی سێ کۆمەڵە چیرۆکییەوە دووراو دوور ئەوم دەناسی.

حەلیم، ساڵی 1967 لە شاری ئامودەی باشووری بچوك- کوردستانی سوریا هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی 24 ساڵیدا واتا لە 1991دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەزمانی عەرەبی لە دیمەشقی پایتەختی سوریاو بەچاپێکی تایبەت‌و بەناوی (الرجل الحامل)ەوە بڵاوکردەوە، کە دواتر لە ساڵی 1997دا خانەی ئاڤێستا لە ئەستەموڵ، بەزمانی کوردی‌و بەپیتی لاتینی، لە وەرگێڕانی خودی حەلیم بەناوی (مێرێ ئاوس) بۆی بڵاوکردەوە.

کۆمەڵە چیرۆکی دووەمیشی بەناوی (ژنێن قاتێ بڵند) لە ساڵی 1998دا لەلایەن هەمان دەزگای چاپەمەنیی ئاڤێستاوە لە ئەستەموڵ‌و لە وەرگێڕانی خودی حەلیم بەکوردی‌و بەپیتی لاتینی بڵاوکرایەوە، پاش ئەوەی بۆ یەکەم جار لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بەزمانی عەرەبی‌و بەپیتی عەرەبی بڵاوی کردبووەوە.

بەڵام کۆمەڵە چیرۆکی سێیەمی کە (مری رانازین-مردوو نانون)ی ناوە، هەر یەکسەر بەکوردی‌و بەپیتی لاتینی

له خانەی ئاڤێستا له ئەستەموڵ، ساڵی 1996 چاپو بڵاوکردەوەو پاشانیش ئەم کۆمەڵەیەشی وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکیو بەناوی (ئۆیلیلەر ئۆیۆمان)ەوە، له 1998دا دەزگای ئاڤێستا بۆی چاپو بڵاوکردەوە.

چوارەم کۆمەڵه چیرۆکیشی که (مەم بەبێ زین)ە له ساڵی 2003 بەزمانی کوردیو بەپیتی لاینییە، دیسان له خانەی ئاڤێستا له ئەستەموڵ بەچاپ گەیەنراوەو بڵاوکراوەتەوە.

دوا کاریشی که خۆی لەگەڵ کۆچیرۆکەکانیدا پێشکەشی کردووم ڕۆمانی (سۆبارتۆ)یە، که دیسانەوە له چاپەمەنییەکانی دەزگای ئاڤێستایەو ساڵی 1999 له ئەستەموڵ، بەزمانی کوردیو بەپیتی لاتینیە چاپو بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر حەلیم هەر بەخۆی (بەدەسکارییەکی کەمەوە) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو ساڵی 2004 له هەولێر، له لایەن کۆمەڵەی کاوەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە (500) دانەی لێ چاپو بڵاوکراوەتەوە.

لێرەشەوە خوێنەر دەشێ وەکو نووسەرێکی لاوی چالاك له حەلیم یوسف بڕوانێ که بەم تەمەنەوە کۆمەڵێك بەرهەمی بەرچاوی له چیرۆكو ڕۆمان بەرهەمهێناوەو بەبەراورد لەگەڵ ئەو قسەیەدا که دەڵێ (هەتا تەمەنت له پەنجا ساڵی تێپەڕی نەکرد ڕۆمان مەنووسە) ئەوا حەلیم هێشتاش بەو تەمەنە نەگەیشتووەو کەچی لەوپەڕی بەخششو داهێنانداییەو توانای بەسەر زمانی جیاجیادا دەشكێو پێیان دەنووسێو بەرهەمەکانی خۆیشی بۆیان وەردەگێڕێو بەدوای بڵاوکردنەوەدا سەرێکی دیمەشقو لوبنانەو سەرێکی ئەستەموڵو هەولێرەو ئەوەندەی من بزانم ئێستاش له ئەوروپا دەژیو بەشداریی چالاکانەش له کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرەو کۆنفرانساندا دەکات.

بەڵام بەداخەوە هێشتا له باشووری کوردستاندا وەکو پێویست نەناسراوەو ئەگەر ناسراویشە ئەوا بەگوێرەی پلەو پایەی داهێنانەکانی مافی خۆیو گرنگی پێویستی پێ نەدراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆی کەم بایەخ، که جیاوازیی دیالێکتو جیاوازیی پیتی نووسینە له نێوان باشووری بچوكو باشووری گەورەو ڕۆژهەڵات، هەروەها کەمتەرخەمیی دەزگاکانی ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوە، بەتایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستانی باشوورە که تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ئامرازێکی سنووربەزێنو پردێك بۆ بەیەکتر ناساندنی نووسەرانو داهێنەرانی کوردی جیهانو له یەکتر گرێدانەوەی ڕۆشنبیریی کوردی پارچە پارچە کراومان، که ساڵانێکە هەر بەشەیو له سایەی ڕۆشنبیرییەکی باڵادەستی داگیرکەردا بەجیاواز له یەکتر گەشە دەکەن.

ئەزموونی حەلیم یوسف بەڕاستی ئەزموونێکی دەگمەنە له بڵاوکردنەوەدا، ئەو بەزمانی زگماکی کوردی دەنووسێو وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئەو گەلانەی که کوردستانیان داگیرکردووە، بەزمانی ئەوانیش دەنووسێو وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەو بەوپەڕی بوێرییەوە هەتا نێو ماڵو کتێبخانەو سەرجەم پرۆسەی ڕۆشنبیریی ئەو گەلانە دەڕوا که ئازادیو سەربەستیو خاكو چارەنووسو ڕۆشنبیریی نەتەوایەتییان له کوردان زەوت کردووەو بەزمانێکی بەرزو هونەری دیالۆگیان لەگەڵ دەکا.

بوێریی حەلیم هەر ئەوە نییە که بەزمانی کوردی له وڵاتێکدا دەنووسێ، که زمانی کوردیی تێدا قەدەغەیەو له قوتابخانە ناخوێنرێ، هەر بەتەنها ئەوەش نییە که پەیامێکی مرۆڤدۆستانە ئاراستەی گەلانی دراوسێی کوردو موخاتەبەی ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکەی جیهان دەکا، بەڵکو بوێرییەکەی دەگاتە ڕادەی ئەوەی که بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی تیژەوە دەڕوانێتە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە مۆزمینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریو تەنانەت بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەیو له پێناوی هەژاندنی ئەو کۆمەڵگە پەنگخواردوو و چەقبەستووەدا سنووری ئەو تابۆ باوە نەگریسانەش دەبەزێنێ که ئەقڵی کوردییان تێدا ئابڵوقە دراوە.

ئامرازەکانیشی بۆ بەجێهێنانی ئەم پەیامەی وردەکاریی هونەریو قووڵیی تێگەیشتنو ڕاستگۆیی دەربڕینو بوێریی وێناکردنی خەوشە دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئایینیو سیاسیو ڕەوشتییەکانی مرۆڤی تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستانییە، که له ئەنجامی ژێردەستەیی درێژخایەنی سەربازیو سیاسیو ڕۆشنبیریو

ئایینی‌و ئابوورییەوە تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی‌و خەسڵەتە جڤاکییە دەستەجەمعییە نەتەوایەتییەکانی خۆی لە دەست داوەو نەیارانی وەکو مێگەل هەڵیدەسورێنن.

حەلیم ئەم راستیانەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەشێوەی تراجیدیاو بەشێوازی کۆمیدیاش بەرجەستە کردووە، بەڵام لە یەکەم رۆمانیدا (سۆبارتۆ) ئەم شێوەو شێوازو پەیامەی گەیاندۆتە پۆپە.

سۆبارتۆ، وەك لە (پاراتێکست)ی رۆمانەکەدا هاتووە، شوێنێکی جوگرافییە، لای خۆرهەڵاتی چیای زاگرۆزەو لای خۆرئاوایشی چۆمی خاپوورە. بەواتایەکی سەردەمانە بەشێکە لە خاکی کوردستانی گەورە، کە ئێستا رووبەرێکی بەخاك‌و خەڵکەوە، لە پرۆسەی پەرتکردنی خاکی کوردستاندا بەر سوریا کەوتووە. وەلێ رۆمانی سۆبارتۆ لە راستیدا رۆمانی شوێن نییە وەك لە یەکەم بیستن‌و دیتنی ناوەکەیەوە خۆی بەر زەین دەخا، بەڵکو کارەساتی راستەقینەی نەوەی نوێی دانیشتوانی سۆبارتۆ-شوێنەکەیە کە کوردن، کوردگەلێك کە لەگەل‌و خاکی دایکی نیشتمان دابراون‌و سنووری دەستکردی سیاسی بارودۆخ‌و رۆشنبیرییەکی نامۆی بەسەردا بریون‌و لە وەهم‌و خەیاڵ‌و واقیعێکدا دەژێن کە رۆژانە ناسنامەی مرۆڤانەو نیشتمانی‌و نەتەوەییان تێدا بەر شاڵاوی بە بەرنامەی شێواندن دەکەوێ، کە لە راستیدا بەرنامەگەلێکی چەند سەرەن‌و یەکیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکاو بەهەمووان لە بەهای مرۆڤانەی خەڵکە سەرکوتکراوەکەی سۆبارتۆ، بەتایبەتیش لە نەوە نوێیەکانی کەم دەکەنەوە لەوانەش: بەرنامەی پیاوانی دەجەلی ئایینی‌و رۆحی: شێخ عەفیفی حوسەینی‌و شێخی ئۆتۆمبێل سپی کە لە پێش مورێدەکانییەوە دەرواو دەستی درێژ دەکا بۆ ئەوەی خەڵکی ریزگرتوو هەلی ماچکردنیان بۆ هەڵبکەوێ، یا (فەلك)ی پیرەژنی جادووکار کە هەر رۆژەی لە کاژێکدا خۆی دەنوێنێ‌و داهاتوو و فاڵ‌و قاوە بۆ خەڵك دەگرێتەوەو دوعای چاوەزارو جادوو بۆ بەیەکتر گەیاندنی نێرو مێیەکانی سۆبارتۆو پێشبینی داهاتوو بۆ خەڵك دەکاو ئاگای لە وردودرشتی شارەکە هەیەو لە کوختێکی وێرانەدا دەژی کە ناهێڵێ کەس پێی پێدا بکات ئەوانەی نەبێ کە دواتر دەردەکەوێ بۆ سێکس لەوێ پێکیان دەگەیێنێ، پیرەفەلەکێك کە خەڵك پێیان وایە لە خودی خاکی سۆبارتۆ کۆنترەو بەبێ سەرچاوەیەکی دیاریکراو و زانراو ژیانێکی پڕ لە نهێنی بەسەر دەباو ناوبەناویش ماوەیەك خۆی بزردەکاو پاشان بە بەرگو رەنگێکی نوێ‌و کۆمەڵێك باسوخواس‌و نهێنیی نوێوە دەگەڕێتەوە، بەبێ ئەوەی کەس زات بکات لەو بارەیەوە لێی بپرسێتەوە، یاخود وەك ئەو شێخ موسایەی (گوایە) لە کۆڕی دیوەخاناندا هیلکە بەپیاوان دەکاو بەوە شەرمەزاریان دەکا، یا باڵ بەکتلی‌و قۆرییە چایی دەگرێ، یا ترێ لە دەمی پیاوانی مەجلیسدا دەکا بەتاکە پێڵاو.

ئەم دەجال‌و قۆڵبڕانە هەریەکەو بەشێوەو شێوازو بەپێی تەریقەتی خۆیان گوێی خەڵکەکە لە باسی پووچ‌و بێبنەما پڕ دەکەن‌و ترس‌و لەرزیان لە ناخدا دەچێنن‌و بەزیندوویێتی ئازارو ئەشکەنجەی گۆڕو (ئینکیرو منکیر)یان پێ دەچێژن‌و بۆ مەبەست‌و بەرژەوەندیی خۆیان بێت، یا بە پیلانی دەسەڵات بێت لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ‌و کاروباری دونیا بێبەش‌و رەشبینیان دەکەن‌و دەیانخەنە سەر ئەقڵ‌و فکرو فام‌و بیرکردنەوەیەك کە بەژیانی ژێردەستەیی‌و برسێتی‌و نەخۆشی‌و مافخوراوی رازی بن‌و بیر لە تێکۆشان‌و گۆڕانکاری‌و وەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان نەکەنەوەو کاری بۆ نەکەن‌و بەو ژیانە پڕ لە کوێرەوەرییە رازی بن.

هەر لەسەر هەمان هێڵ، بەڵام بەگۆشەی (180) پلەو لە جەمسەرەکەی بەرامبەری ئەم گروپە دەجالەدا، گروپێکی دیکەی کۆسمۆپۆلیتی دیکە لە وڵاتی سۆبارتۆدا کار دەکا، کە رێبازەکەی تەواو بەپێچەوانەی گروپی پێشووە، بەڵام بۆ هەمان ئامانجی سڕکردن‌و چەواشەکردنی خەڵکەکە کار دەکا، ئەویش گروپی شیوعی‌و لایەندارانی سۆفیەتی جارانە، کە لە رۆمانەکەدا لە گەمەیەکی زمانەوانیی سەرنجراکێشدا هاتووە (یەکێتیی سۆڤ-یەت) نەك (یەکێتیی سۆڤیەت)، رابەری ئەم گروپەش (مەروان)ە، مەروانی مێردی (خانم)ی مامۆستای قوتابخانەکە، خانمی کچی هاوڕێی خوالێخۆشبوو، هاوڕێ (سالار سۆباری)و دایکی بەڵقیسی دڵبەری سلێمان‌و

دایکی فاروق-بسکویتۆو زەنوبیاو دیانا کە هەموو ناوی مەلەکیانەن‌و شیوعیەتیان لە دایك‌و باب‌و هەردوو باپیرەگەورەوە بۆ ماوەتەوە.

مەروانێك کە زمانی دایکی (مەبەست لە زمانی کوردییە) نازانێ‌و هەر بەزمانی فەرمی قسە دەکا (مەبەست لە زمانی عەرەبییە)و هەموو رۆشنبیرییەکەیشی لە(پراڤدا)وە سەرچاوە دەگرێ، کە سلێمان سەرەتا پێی وایە ناوی کچێکی روسییە، مەروانێك ئەوەندەی لە بارەی ولاتی پراڤداوە دەیزانێ ئەوەندە لە بارەی سۆبارتۆی نیشتمانیەوە نازانێ‌و ئەوەندە سەرسامی ولاتی پراڤدایە تا رادەی ئەوەی کە ئەگەر یەکێك لەوێ نەخۆش بکەوێ ئەم (مەروان) لە ئامودە حەبی بۆ دەخوا، کەچی هیچ هەست‌و سۆزێکی بۆ سۆبارتۆو خەڵکی سۆبارتۆ نییەو هەمیشە وێڵی دوای ئەو پلەوپایە حزبییەتی کە هەلپەرستێکی دیکە لە حزب لێی زەوت کردووەو سەر زمانی‌و بن زمانی باسوخواسی خەبات‌و قوربانیدانی حزبەکەیەتی لە ساڵانی چلەکان‌و پەنجاکانداو چۆن ئەم‌و باوك‌و خەزوورو کەسوکاری کردوویانەو خەڵکانێکی دیکە هاتوون بەحازری لێیان داگیرکردوون.

کۆمەڵەی سێیەمی دانیشتوانی سۆبارتۆ، ستاف کارگێری‌و پەروەردەکاران‌و پیاوانی پۆلیس‌و ئاسایشن، ئەو پیاوانەی کە چاو و گوێ‌و ئەقڵ‌و جێبەجێکاری سیاسەتی دەوڵەتن، ئەوانەن کە (باوکی حەمزۆ) لەسەر قسەیەکی حەمزۆی قوتابی خورد ساڵ‌و وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بێسەروشوێن دەکەن‌و دواتر تەرمە شێوێنراوەکەی دەدەنەوەو ئەوەندە خێزانەکەشی دەچەوسێننەوە تا شەوێك سەری خۆیان هەڵدەگرن‌و خۆیان دەکەن بە کوردستانی باشوور - کوردستانی عێراقدا. ئەوانەن کە قسەکردن بەزمانی زگماك لە قوتابییە مناڵەکانی سۆبارتۆ قەدەغە دەکەن‌و زمانی رەسمی (عەرەبی)یان بەسەردا دەسەپێنن‌و ئەوەشیان کە سەرپێچی بکات فەلاقەی دەکەن.

ئەو پیاوانەن مەلا لە مزگەوت ناچار دەکەن کە هەتا لەسەر مینبەرو لە ناو میحرابە بەزمانی فەرمی (عەرەبی) قسە بکات با خەڵکی ئامودەش هیچی لێ تێنەگەن، وەك لە داودی باوکی سلێمان دەقەومێ کە هەموو هەینییەك دەچێتە نوێژی جومعە، بەبێ ئەوەی عەرەبی بزانێ‌و هیچ شتێك لە بابەتی خوتبەکە تێبگات.

ئەم سێ هێزە خورافی‌و هزری‌و رۆحییە نهێنی‌و ئاشکرایە، کە لەگەڵ نەخۆشییە باوە هەمیشەییەکانی خودی سیستەمی فیوداڵی کۆمەڵگەی عەشایەریی کوردی سۆرباتۆدا وردە وردەو لەسەرخۆ مرۆڤی تاك‌و کۆمەڵگەی سەرکوتکراوی دەڤەرەکە لە ناوەوە دەهارن‌و دەیخەنە سەر بارێك کە بەردەوام لە پانتایی خورافەت‌و غەیبانییەت‌و وەهمدا بژێت‌و هەموو توانای ئەفراندن‌و داهێنانی خۆی لە پرۆسەی زگوزاو سێکسدا چڕبکاتەوە، بەتایبەتیش سێکسی گەی (شاز): نێرو نێر، نێرو ئاژەڵ، کە تارادەیەکی بەربڵاو لە نێو منداڵ‌و مێرمنداڵ‌و هەرزەکاراندا پەرەبستێنێ‌و دووچاری جۆرەها نەخۆشیی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی کۆمپلێکسیان بکات‌و لەبەر کاریگەریی وەهمە ئایینییەکەدا بۆ هەتایە بەدەم ئازاری ویژدان‌و گریی خۆبەکەمزانینەوە بناڵێنن‌و شێرۆ، رەشو، بابی عەمشە، فاروق-بسکویتۆ، هۆڤۆ، سابیرۆ-جواڵە پەتاتە، سدیقۆ-مەلاو زۆری دیکەش لە منداڵانی قوتابخانە، تەنانەت سلێمان بەخۆیشی گرفتاری ئەم دەردە ناهەموارە کۆمەڵایەتییە بن، کە دیارە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردن‌و چەپاندنی چالاکیی سێکسیی ئاسایی، کە لە کۆمەڵگەی ئاسنینی ئاوادا بەشێوەیەکی نائاسایی‌و نایاسایی گوزارە لە خۆی دەکات‌و کەسانێکی زۆر بەبکەرو بدەرەوە باجە گرانەکەی دەدەن.

لە راستیدا تراجیکۆمیدی خودی سلێمانی کارەکتەری سەرەکیی رۆمانی سۆبارتۆ خۆی بۆ خۆی دووبارە وێناکردنەوەیەکی کاڵی خورافەتێکی چەند هەزار ساڵەی لەمەوبەرە، کە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەرە، کە باپیری سلێمان ماوەیەکە لە پشتەوە نەخشەی دووبارە وەبەرهەمهێنانەوەی دادەڕێژێ‌و نەوەکانی بەڕێوەی دەبەن.

باپیری سلێمان ناوی کورەکەی دەنێ (داود)، داوا لە داودیش دەکا کە ئەگەر کورێکی بوو ئەویش ناوی بنێت سلێمان، ئەم نەخشە چەند پشتییە درێژخایەنە بەوردی جێبەجێ دەکرێ‌و کە سلێمانی-شاعیر، سلێمانی

کوڕی داودیش ئاگای نێرینەیی خۆی دەزانێ، ئەویش لەوانەیە هەر لە پێناوی تەواوکردنی وێنە گشتییەکەی ئەفسانە چەند هەزار ساڵییەکەدا- رەنگە بەبێ ویستو ئاگاداریی وشیارانەی خۆیشی بێت- دڵی لە (بەڵقیس)ی کچی مامۆستا (خانم)ی قوتابخانەکەیان دەچێتو کە پێوەندییەکەیان بەئاسانی دادەمەزرێکە دەشێ ئەمیش لە وەحیی ئەفسانەکەوە سەرچاوەبگرێ- سلێمان (پەپلە سلێمانی)یەکی فەنتاستیکیش بۆ هێنانو بردی پۆستی نێوان خۆیو بەڵقیسو بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباسی دەوروبەریش دەئافرێنێو ئیتر هەموو رەگەزە زانراوەکانی ئەفسانە دێرینەکەی سلێمان پێغەمبەر دێنەوە کایە، بەڵام دیارە کە ئەمجارەیان ئەفسانەکە لە شێوەی ئەم تراجیکۆمیدیایەدا خۆی وەبەرهەم دەهێنێتەوە، کە حەلیم یوسف لە رۆمانی سۆبارتۆدا ئەفراندوویەتییەوەو بەشکستی سلێمانی هاوچاخ کۆتایی دێت، پاش ئەوەی خۆشەویستییەکەیان لەگەڵ بەڵقیسدا بێ ئاکام دەبێو هەردووکیانیش بەزنجیرەیەك خیانەتو




خیانەتکاریدا تێدەپەڕنو سەرئەنجام بەڵقیس دەگاتە خەڵوەتخانە سێکسیەکەی (پیرفەلك)و لەوێ ئیتر سلێمان هیچ هیوایەکی پێ نامێنێتو لەوپەڕی بێئومێدیدا نەخشە بۆ سووتاندنی ئامودەو تەواوی خەڵکی شارەکەو دووبارەکردنەوەی کارەساتی راستەقینەی ساڵی 1961ی ئامودە دادەرێژێ، کە ئەوسا لە سووتانی تاکە سینەمای شارەکەدا پتر لە (200) قوتابیی منداڵ تا مردن دەسووتێنو نزیك بەو ژمارەیەش بەنیوەسووتاوی دەربازدەبن، یەکێك لە مردووەکانیش برایەکی لەخۆگەورەتری سلێمانە، کە بەخۆیشی بەپەرجوو لە مردن رزگاری دەبێ، ئەم رووداوە راستەقینەیەی کە بۆ خەڵکی ئامودە دەبێتە مێژوویەکی یەکلاکەرەوە (پێش رووداوەکە)و (دوای رووداوەکە)، کاتێك روودەدا کە بەرێوەبەری قوتابخانەکە نزیکەی (500) قوتابی بەزۆری زۆرداری لە بینایەی سینەماکە دەپەستێت کە خۆی هەر (300) کەسێك دەگرێ، ئەویش بۆ تەماشاکردنی فیلمی (تاوانێك لە نیوەشەودا) کە قازانجەکەی بۆ یارمەتیو باربووکردنی شۆڕشی ئەلجەزائیر تەرخان کراوە، بەڵام تەنها پاش یەك چارەکە سەعات لەدوای دەسپێکی نیشاندانداو واتا لە کاتژمێر حەوتو چارەکی سەر لە ئێوارەدا سینەماکە بەخەڵکەکەوە گڕدەگرێو بۆکرۆزی گۆشتو ئێسکی سەدان منداڵی ناسکی ورد ساڵ، کە نەك هەر خۆیان، بەڵکو باوكو دایکیشیان نازانن جەزائیر چییەو لە کوێیە، ئاسمانی ئامودە دەتەنێتو لەوساوە تا بەئێستا دەگا هەر کەسێك رێی بکەوێتە گۆڕستانی پاینی گردی (شەرمۆڵە) کۆمەڵێك گۆڕی بەریزی ئەو منداڵە قوربانیانە دەبینێ، کە محەمەد رەفعەتی رۆژنامەنووس لە رێپۆرتاجێکی بەوێنەدا لە گۆڤاری (ئەدەبو هونەر)ی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا لە ژێر ناونیشانی (ئامودە نەوەیەك لە رۆڵەکانی بەجەزائیر دەبەخشێ)دا لە 1961دا بڵاویکردووەتەوەو تیایدا قسەیەکی باوکی سلێمان، داود کراوەتە مانشێت کاتێك کە دەڵێ (هەموومان بەقوربانی جەزائیر دەبین) کاتێك لە بارەی هەستی خۆیەوە پرسیاری لێ دەکەن بەهۆی مردنی کوڕێکییەوە لەو رووداوە دڵتەزێنەدا، کارەساتەکەش لەوەدایە کە ئاپۆ داود نازانێ (ئەلجەزائیر) چییە!.

لێرەشدایە حەلیم بەوپەڕی وشیارییەوە مەهزەلەی ئەو برایەتییە ناتەباو ناتەرازووە تۆمار دەکا، کە گوایە لە نێوان برا بچوکی ژێرچەپۆکە (کورد)و برای بالادەستی زۆردارو داگیرکەر (عەرەب)دا هەیەو برای گچکە بەردەوام قوربانیی بۆ دەداو برای گەورەش هیچ کاتێك هەست بەئازارەکانی ناکات، ئەو براگەورەیەی کە قوتابی منداڵ (سلێمان) لە بەشێکی دیکەدا بەسەرسامییەوە دەپرسێ: نازانم بۆچی دێنە ئامودەو لە نێوماندا نیشتەجێ دەبن لە کاتێکدا ئەوەندە بەسووکی لە باوکو باوانو زمانو دابوونەریتی خەڵکی سۆبارتۆ دەڕوانن، تۆ بڵێی بۆ ئەوە نییە دێن تا فێری رقو کینەمان بکەن..؟!.

ئەم قوربانیدانەی خەڵکی سۆبارتۆ بۆ خەڵکی جەزائیر لە رووی زەمەنەوە، واتا لە بینای رووداوی رۆمانەکەدا زۆر پێش زەمەنی گێڕانەوەکەی دەکەوێ، لێ حەلیم لە دەسپێکی رۆمانەکەسیدا، کە کۆتایی بەسەرهاتەکەی سلێمانە دەیگێڕێتەوە، بەمەش شێوازێکی بازنەیی پۆلیسی بەبونیاتی گێڕانەوەی رۆمانەکە دەبەخشێ، کە گوزارە لە بەردەوامیو خۆدووبارەکردنەوەی کارەساتەکانی ئەو برایەتییە ناتەباییە دەکا کە هەر کورد تیایدا بەسەخاوەتەوە باجی دەدا، بەتایبەتیش کە لە تێکستەکەو لە قۆناغێکی دیکەی گێڕانەوەکەدا، کە جارێکی دیکە ناوی (ئەلجەزائیر) دێتەوە نێوان، بەڵام ئەمجارەیان لە باسی ئەو پیلانەی 1975دا کە جەزائیر تیایدا وەکو پاخەسوویەك لە نێوان عێراقی سەردەمی بەعسو ئێرانی رۆژگاری شاهەنشاهیدا رۆڵی گێڕا بۆ تواندنەوەی شۆڕشی باشووری کوردستانو خەفەکردنەوەی کێشەی رەوای گەلی کورد، کاتێك کە مامە نەزۆکە پێشمەرگەکەی سلێمان بەپێی پێشبینییە شومەکەی (پیرە فەلەك) بەکوێریو بەنائومێدی لە کوردستانی عێراقەوە دەگەڕێتەوە کوردستانی بچوك- سوریا. لێ مەرگەساتی سلێمان هەر ئەوە نییە کە لە قۆناغێکی زۆر منداڵیدا نەك بەباوەڕ، بەڵکو لە ترساندا خوو بەکاروباری ئایینو هاتوچۆی مزگەوت دەداو رۆژانێکیش پێی وایە هەقی پەیامبەرێتیی هەیە، چونکە وەك زۆرێك لە پەیامبەران بەکاری شوانییەوە خەریکە، یا ئەوەی کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا بەئەقڵیەتو بەپێی پیلانی باپیری تەقەموسی رۆڵی سلێمان پێغەمبەری مەلیك دەکاو دەکەوێتە داوی بەڵقیسی کچی مەروانو (خانم)ی مامۆستایەوە، بەڵکو کارەساتی راستەقینەی سلێمان لەوەوە دەست پێدەکات کە ماڵباتی بەڵقیس پشتاوپشت لە هەردوو سەری باوکو دایکییەوە مارکسیو کۆمۆنیستی دۆگمانو لە دەرەوەی ئەو جیهانبینییە گشتگیرەدا هیچ راستیەکی دیکە نابینو نابیستنو نازانو وەرناگرن.

سلێمان لە خێزانێکی جووتکارو لە پاشخانێکی ئایینو خواناسەوە دێتو لە پڕێکداو بەبێ هیچ بەراییەکی رۆشنبیریی ئەوتۆو هەر بەتەنها لەبەر خۆشەویستیی بەڵقیس دەکەوێتە بەر شالاوێکی کتوپڕی مێشکشۆرینەوەو چەمکگەلێکی مارکسیانەی وەك (کۆمەڵگەی بەختەوەر)و (بەهەشتی بێ چینایەتی)و زاراوە سەرنجراکێشەکانی وەك (برجۆزای)و (پرۆلیتاریا)و..هتد، ئەویش لەلایەن کەسێکی وەکو خانمەوە کە هەم دایکی بەڵقیسەو هەم لە قوتابخانەشدا مامۆستایەتی، کە لە هەردوو سەرەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەیە. ئەمەش لە دۆخێکدا دێت کە داودی باوکی سلێمان بۆ رزگارکردنی ماڵو منداڵ لە دووپشکو ماری خانووە گڵینە کۆنەکەیان، خانوویەکی دیکە بەکەرەستەی نوێ لە تەنیشت خانووە کۆنەکەیانەوە دروست دەکا، ماڵباتی بەڵقیس ئەم کارەی بەهەڵسوکەوتێکی (برجۆزیانە) بۆ لەقەڵەم دەدەنو هەرچی گوناه و خەوشی (برجۆزی بچوك)و (برجۆزی گەورە)و (ئیمپریالیەتی جیهانی) هەیە هەمووی لەکن سلێمان دەدەن بەسەر بابی سلێمانداو بەرادەیەك هەستی تاوانباریی باوکی لە دڵو دەروندا دەورووژێنن کە نەك هەر خانووە نوێیەکەیانی لەبەرچاو بکەوێو وەکو (مۆنۆمێنت)ێك بۆ بەرجەستەکردنی تاوانەکانی باوکیو سەرجەم چینی برژوازی تەماشای بکات، بەڵکو تەنانەت باوکیشی لەسەر ئەو کارە ببغوزێنێو وەك تاوانبارێك لێی بنوارێت، بەمەش سلێمان لە ناخەوە دووچاری ئازارێکی ویژدانی دەبێ، یا راستتر بڵێم تووشی لێکترازانێکی دەروونی دەبێت، بۆیە گوتیشم کارەساتی راستەقینە، چونکە کاریگەریی لێکترازانی دەروونی لەسەر خودی مرۆڤ زۆر لەوە مەزنترە کە لە

ئەنجامی دابڕانی کۆمەڵایەتی‌و ململانێی دەرەکییەوە تووشی دەبێ، بەڵام گورزی گورچکبڕی سلێمان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لە بەڵقیسی دڵخوازیەوە بەریدەکەوێ، کاتێك ئەو حەزلێکردن‌و خۆشەویستیی خۆی بۆی دەردەبڕێ‌و بەڵقیس بەخوێنساردییەوە پرسیارێکی نامەسئولانەی پۆلیسیی ئاراستە دەکاو دەڵێ: دەبێ لە حیزبەکەی باوکم بیت.؟!.

سلێمان بەم قسەیەی بەڵقیس تەرازووی دەروونی‌و بەڵانسی کەسایەتیی لە گرێژەنە دەچێ‌و لە ساتەوەختێکدا وەك ئەو نەریتە عەشایەرییە کوردەوارییەی دێتە پێش چاو کە کاتێك کوڕێك دەچێتە داخوازیی کچێك‌و لێی دەپرسن: ئەرێ چ کەسی: میرسنی، مللی، کیکی، گاباری، بادینی، ئۆمەری، بۆتی، هەفیرکی، بوبلانی، کۆچەری یا هی دیکەی..؟!. لێرەو لەم خاڵەی ژن‌و ژنخوازی‌و رەنگە لە زۆر شوێنی دیکەشدا تاکی کورد بگەڕێنەوە سەر سیستەمی فیودالی‌و عەشایەری‌و ئیتر جیاوازییەك لە نێوان جووتیارێکی نەخوێندەواری خێڵەکیی کوردو عەلمانییەکی پۆپەی مارکسیستدا نەمێنێ، کە لە بوارەکانی دیکەدا پێیوایە دەتوانێ سیستەمەکانی حوکم‌و سیاسەت‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی گەلان‌و وڵاتان بگۆڕێ‌و بەهەشتی بێ چینایەتی‌و کۆمەڵگەی بەختەوەر لە جێیان دابمەزرێنێ..!، کەچی لە یەکەم تاقیکردنەوەی مرۆڤانەدا هەموو بنەماکان ژێرپێ دەنێت، بەڵام ئەمجا لە جێی ئینتیمای عەشرەتی لە ئینتیمای حزبی دەپێچێتەوە..!.

لە دیمەنێکی دیکەشدا ئەم سروشتە عەشایەرییە ڕەگداکوتاوەی ناو ریزەکانی حزبی شیوعیی سۆرباتۆ پشتراست کراوەتەوە کاتێك کە لیژنەیەکی (10 تا 12) کەسی لە کورانی حزب سلێمان سەبارەت بەدڵدارییەکەی لەگەڵ بەڵقیسی بەفامیلی شیوعی بانگ دەکەن‌و خۆشەویستییەکەی بۆ بەڵقیس بە(پیلان)ێکی ئیمپریالی‌و نەخشەیەکی (CIAو پنتاگۆن)ی بۆ لەقەڵەم دەدەن بۆ سووکایەتیکردن‌و ناوزڕاندنی حزبی شیوعی لەڕێی لەکەدارکردنی کچەکانییەوە.

لیژنەکە پێی وایە سێ جۆر خۆشەویستی هەیە:

1.خۆشەویستی بۆ رابواردن.

2.خۆشەویستیی راستەقینەی پرۆلیتاری.

3.خۆشەویستیی تاوانکاری.

بەسلێمانیش دەڵێن خۆشەویستییەکەی تۆ بۆ بەڵقیس لە جۆری سێیەمەو دەبێ دەستبەجێ وازی لێ بهێنی، چونکە شەرەف‌و نامووسی حزبی پێ لەکەدار دەبێ‌و ئەمەیش لە ئێوەی نەتەوەپەروەرو برجۆازی قبووڵ ناکەین..!.

سەرنجراکێشی لە رۆمانی سۆبارتۆدا ئەوەیە کە پیاوان‌و ژنانی بەتەمەن‌و گەورە بەرپرس‌و دەسەڵاتداران رۆڵێکی لاوەکی‌و ناراستەوخۆی تێدا دەبینن، یا وەکتر بڵێم لە پشتەوە کاریگەریی دەخەنە سەر رەوتی رووداوەکان، بەڵام رۆڵی بەرچاو ئەوەیە کە نەوەیەکی هاوتەمەنی مێردمنداڵی بەزۆری نێرینە بەڕاستەوخۆیی لە بەسەرهاتەکەدا دەیگێڕن‌و لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەکەونە بەر کاریگەریی سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان.

سۆبارتۆ بەتەنها بەسەرهاتی سلێمان‌و خۆشەویستییە ناکامەکەی ئەو نییە لەگەڵ بەڵقیسی بەبنەماڵە کۆمۆنیست، کە بەزنجیرە خیانەتی جەستەیی‌و سۆزگۆڕین لە سلێمانی ئاشقی رۆمانسی دەکا تا تووشی لێکترازانی دەروونی‌و ورێنەی دەکا تا وای لێدێت خەونی ئاجروباجر ببینێت‌و کائیناتی عاجباتی جۆراوجۆری بێتەپێش چاوو بیاندووێنێ‌و وەکو مرۆڤی راستەقینە متمانەیان پێبکات‌و دەردەدڵیان بۆ هەڵبڕێژێت، بەڵکو لەگەڵ سلێماندا کۆمەڵێك مێردمنداڵی دیکە هەن کە رۆمانەکە رووناکی دەخاتە سەر رەوتی ژیان‌و هەست‌و نەستیان‌و سەرئەنجامیان ساغ دەکاتەوە، کە هەموو پێکەوەو لەگەڵ بەسەرهاتی سلێماندا وێنەیەکی هەمەلایەن‌و

فرەرەهەندی گشتی بۆ ژیانی رۆحیو ماددیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریی نەك هەر خودی ئەو نەوەیەی کە لە دەقەکەدا دەکەونە بەر رووناکی، بەڵکو بۆ سەرجەم نەوەکانو تەواوی خەڵکی سۆرباتۆ دەنەخشێنێ.

مێردمنداڵانی سۆبارتۆ، هاوتەمەنانی سلێمان لە قۆناغێکی داهاتووی تەمەنیاندا هەریەکەو بەجۆرێك دووچاری سووکایەتیو ریسوابوون دەبنو هەریەکەو بەهۆیەکەوە فاشیل دەبنو لە ژیان بێ ئومێد دەبن:

*دینۆ، کە بەمێردمنداڵی تەقەموسی کەسایەتیی (تەرەزان)و دواتر (بیلێ)ی یاریزانی تۆپی پێ دەکاتەوە لە قۆناغێکی دیکەی تەمەنیدا دەکەوێتە خۆشەویستییەکی (نەخۆشانەی) یەکلایەنەی کچەی چاویلکە لەچاوەوەو مایەپوچ لێی دەردەچێتەوەو کچەی دڵخوازی شوو بە سایەقەکەی باوکی دەکا، ئاکام وەکو سیاسییەکی نەتەوەپەروەر لە داخو کەسەری (ئینشیقاقی) بەردەوامو لەسەریەکی ناو حزبە نەتەوەییەکانی سۆبارتۆدا دووچاری ورێنەو سەراسیمە دەبێ تا دەست دەزگا سەرکوتکارییەکانی رژێم دەکەوێو بۆ ماوەیەکی زۆر سەرنگوم دەکرێ.

*ئیبراهیم، یا مەلێکی شەراب، برۆ-ی برای دینۆ خو دەداتە هونەری موزیكو یەکلایەنە دەکەوێتە خولیای نەسرین، نەسرینیش ئاکام شوو بەئامۆزایەکی خۆی دەکات، برۆیش دەبێتە پێشمەرگە.

*رەشۆی منداڵباز، دەکەوێتە خولیای سێکسی مەحرەمو لەگەڵ خوشکێکی دایکیدا تێوەدەگلێ، کچەکە بۆ خوێندن هاتۆتە ماڵی خوشکی/ دایکی رەشۆ، لە ئامودە، لەگەڵ رەشۆی خوشکەزایدا هەرچی خواو خەڵك پێیان خراپە دەیکەن، تا کچە دوو ساڵ لە خوێندن دەکەوێو قوتابخانە بەجێدەهێڵێو دەگەرێتەوە ماڵەباوانو ئەوانیش بەشووی دەدەن، بەڵام پێش گواستنەوەی سەری خۆی هەڵدەگرێو دواتر رەشۆ دەیدۆزێتەوەو بەدوایدا سەرهەڵدەگرێو پاشان لە ئوستورالیا یەکدەگرنەوەو لەسەر تاوانی خۆیان بەردەوام دەبن.

*هۆڤۆ، هۆڤۆی گەمژە کە بەمێردمنداڵی منداڵانی لەخۆوردتری قوتابخانە بەپاسکیلەکەی دەرفێنێو بۆ خۆیو کەسانی دیکەیان دەباتە دووری ئاوەدانی، بەهەرزەکاری تەرکی خۆی لە پارچە بۆرییەك دەکوتێ، کە ئاسێ دەبێ دکتۆر ئامادە نییە بۆی دەربکا، دەیبەنە کن ئاسنگەر بۆریەکەی بۆ دەبرێتەوە، ریسواییەکی وا لە سۆبارتۆدا دەنێتەوە کە خەریکە وەکو سووتانی سینەمایەکە ببێتە مێژوو و خەڵك زەمەنی بۆ بکەن بەدوو کەرتەوە (پێش بۆرییەکە)و (پاش بۆرییەکە).

*بابی عەمشەی کۆنە نێرباز، بەگەورەیی بە گەوادی دەژێو لەشفرۆشی بە خوشکی خۆیەوە دەکاو بەوە دەژین، بەو پارەیەشی کە بەرامبەر بە سواربوونی لە (حەمیدە)ی گەورەکچی وەردەگرێ، کە دواتریش بۆ دینۆو برۆو سلێمانو خەڵکانی دیکەی دێنێ بەرامبەر بەپارەیەك هەم لە حەمیدەو هەم لە هەرزەکارەکانیشی وەردەگرێ، بەڵام سەیر لەوەدایە کە بابی عەمشە نەك هەر بەئاشکرا گەوادی دەکا، بەڵکو (تیوریزە)شی بۆ دەکا..!.

*سافۆی بێوەژن کە کورەکەی پیاوانی بۆ دێنێتە ماڵەوە.

*شێرۆ: شێرۆی منداڵباز، دواتر خوشکێکی لەسەر بەدرەوشتی دەکوژێ، ئەوجا باوکیشی دەکوژێ لەبەر ئەوەی کچێکی خۆی خراپ دەکاو پەلاماری کچێکی دیکەیشی دەدا کە خوشکی شێرۆنە، ئەمە وێرای بازرگانیکردنی بەتلیاکیشەوە.

شێرۆ دواتر بەخۆیشی لەسەر تۆمەتی بازرگانیکردن بەئەڤیونو پارچەی ئاسەواری مێژوویی لەگەڵ حکومەتدا دووچاری راوەدوونان دەبێ تا ئەوەی کە بۆ یۆنان هەڵدێت، بەڵام پاشان دەچێتە حەج.

*فاروق: بسکویتۆی پاشەڵ پیسیش بەحوکمی ئەوەی کە کوری گەورە حزبییەکی شیوعییە، زەمالەیەکی بۆ سۆڤیەتی جاران دەدرێتێو دواتر بە دکتۆری دەگەرێتەوە سۆبارتۆ.

*سابیرۆ: سابیرۆی جواڵە پەتاتە، کە بەمێردمنداڵی لە پاشو لە پێشەوە دەیکردو دەیداو لە سێکسی

مەرەوە دەستپێدەکاو دواتر لە کۆلێژی ئاداب وەردەگیرێ، ئەگەرچی وەك خەباتکارێکی حزبی شیوعی خۆی لە فاروق لە پێشتر دەزانێ بۆ وەرگرتنی زەماله، بەڵام دیارە مەحسوبییەت ئەو مافەی لێ زەوت دەکا، ئاکام زەنوبیای خوشکی فاروق‌و کچی مەروان‌و خانم بەبێ خواستی ئەوان دەخوازێ.

*سدیقۆ، سدیقۆ کە بەمێردمنداڵی لە سواری ماکەرو بزن‌و مەرەوە دەست پێدەکاو دواتر لەژێر کاریگەریی پەرجووەکانی (شێخ موسا)دا(!) تەوبە دەکاو رۆڵی لە خواترسی‌و شارەزای ئایین لە نێو هاوتەمەنەکانیدا دەگێڕێ تا نازناوی (مەلا)ی لێدەنێن، مەلایش دوای تەواوکردنی ئامادەیی، خۆی دەگەیەنێتە ئەڵمانیاو هەر لەوێش دەبێتە مەلای مزگەوتێك‌و ژنێکیشی لێ دەخوازێ‌و لەو تاکە نامەیەیدا کە بۆ سۆبارتۆی دەنێرێتەوە، ئامارێکی ورد بەناو و ژمارەی مزگەوتەکانی ئەڵمانیاوە دەنێرێتەوەو ئیتر دەنگی نامێنێ.

*سلێمانیش لە کۆلێژی فەلسەفە وەردەگیرێ، سەرەتا زۆر لە سوودو کاریگەریی فەلسەفەو خوێندنی‌و خۆشەویستیی فەلسەفەو کاروباری هاتوچۆو پەیداکردنی جێی نیشتەجێبوون‌و جیاوازیی شارو جادەو بیناییەکانی لەچاو سۆبارتۆو خانووە گڵینەکانی ورد دەبێتەوەو بەو گرفتانەوە گیردەخوا، بۆشی دەردەکەوێ کە لە زانکۆیشدا ئینتیمای حزبایەتی رۆڵی زۆری لەسەر پێکەوە نیشتەجێبوون‌و هاورێگرتنی قوتابیان‌و پێوەندییان هەیە. لەوێش کۆبوونەوەی حزبایەتی کۆسمۆپۆلیتەکان هەراسانی دەکەن، تا ئەمیش لەگەڵ (برۆ)ی سۆبارتی هاوبیری نەتەوایەتییدا پێکەوە ژوورێك دەگرن.

ئەمە سەرەتا، لێ زۆری پێناچێت دەکەوێتە بەر پیلانی کچانی زانکۆ، لەپێشدا سەلمای قوتابی لە کۆلێژی کشتوکاڵ، ئەوجا فریاڵی لەشفرۆش کە بەهۆی کۆرو کۆبوونەوە رۆشنبیرییەکانەوە دەیناسێ، پاشانیش نێرگز، نێرگزی دەموچاو بەڵقیسیانە، نێرگزی بەرەچەڵەك سۆبارتی، کە پاشتر لەسەر چالاکیی سیاسیی نەتەوەپەروەریی (کوردایەتی) دەسگیرو بێسەروشوێن دەکرێ، بەڵام سلێمان لەم قۆناغەدا دەست بەهۆنینەوەی شیعر دەکاو لەژێر کاریگەریی کەسایەتیی عەشایەریی خۆی‌و خۆشەویستیی بەڵقیسدا خۆی بە(پاك)ی رادەگرێ، ئەگەرچی هەندێ جار لە لێواری خیانەتیش دەگەرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا لە دڵسۆزیی بەڵقیس دەکەوێتە بیربیرەو گومانیشەوە.

سلێمان خۆشەویستیی سەلما رەتدەکاتەوە، لەسەر نێرگز لەگەڵ برۆدا ساردی دەکەوێتە نێوانیانەوە، سەلما بەئاسانکاریی خودی سلێمان‌و دواتر لەرێی زەنوبیاشەوە کە دێتە زانکۆ دەستی بە بەڵقیس دەگا، وەك تۆڵەکردنەوەیەکیش بۆ کەرامەتی خۆی شوویەکی کتوپڕ دەکاو بەپێی پیلانێکیش بەڵقیس لە (سەفەر)ی برای مارە دەکات، کە بە کەچەڵە ناودەبرێ‌و لە کەنداودا کاردەکا. بەم شێوەیە سلێمان دووچاری هەناسەساردی‌و بێهیواییەکی بێپایان دێت، خەونە دێرینەکەشی بەکردەوە دێتە دی، کە لە منداڵییەوە هەراسانی دەکاو بەدرێژایی تێکستی رۆمانەکە وەکو (سەرەبەستە- لازمە) یەك دووبارەو دووبارە دەبێتەوەو بریتییە لە دیتنی ژنێکی سپی، کە گەڵی دادەبڕێت، لە توێی هەردوو رانییەوە (پەترۆل) دەرژێ‌و دەرژێ..

ئەم گۆرانکارییە گەورانە لەسەر ئاستی باری سایکۆلۆژی‌و پەیوەندییە سۆسیۆلۆژییەکاندا لە ژیانی تاکە کەسیی کارەکتەرەکاندا، لێ لەسەر ئاستی نەتەوەییشدا کە رەنگدانەوەو کاردانەوەشی لەسەر ئاستی تەواوی گەلی سۆبارتۆدا هەبووەو هەیە، هەر لەو سەروبەندەدا گۆرانکاری‌و رووداوی مەزنی سیاسیش روودەدەن کە لە ناخەوە کار لە پێکهاتەی کەسایەتی‌و دەروونی‌و سەرجەم باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی تاك تاکی خەڵك‌و تەواوی میللەتی سۆبارتۆ دەکاو سەرلەبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان‌و تەنانەت باری دەروونیی کارەکتەرەکانیش سەرلەنوێ لەسەر دەرهاویشتەو پێوەندییە نوێیەکان دووبارە رێکدەخاتەوە!

*لە بەهاری رەشی 1975دا پیلانی شوومی جەزائیر لە نێوان عیراق‌و ئێراندا مۆردەکرێ‌و شۆرشی نەتەوایەتیی کورد شکست دەخواو سەدان هەزار پێشمەرگەو خانەوادەی کورد بەناکامی روو لە ئێران‌و ئەورووپا دەکەن.

*له 1979/3/1 بارزانیی نەمر لە ئەمریکا، لە مەنفا کۆچی دوایی دەکاو بۆشاییەکی سیاسیی گەورە لەسەر ئاستی بزاڤی کوردایەتی دروست دەبێ.. حزبە نەتەوەپەروەرە گەورەکانی کوردستان دووچاری ئینشیقاق دەبن، حزبی گچەکە گچەکە دادەمەزرێن، شەڕی براکوژیو.. شتی نامۆی دیکە پەیدا دەبن، فرەکوێخاییو راراییو دوردۆنگی جێی خەباتی ناوکۆییو یەکریزی دەگرێتەوەو ململانێی خود بەخود بەشێوەیەکی ئەستونی-شاوڵی کۆمەڵگەی کوردستانی لەت دەکا. بێئومێدی جێی هیوا دەگرێتەوە، کە لە تێکستەکەدا بەوە گوزارەی لێکراوە کە هەردوو نەتەوەپەروەر باوکی برۆو دینۆ (محەمەدی سیتی)و باوکی سلێمان (داود) هەردووک رادیۆکانیان بەدیواردا دەدەنو وەك هێمایەك بۆ ئەوەی کە ئیتر ئێزگەی دەنگی کوردستانو هیچ هەواڵێك نەماوە بۆ کورد گوێی لێ بگرن رادیۆکانیان دەشکێنن.

*کچە خەباتکاری قوتابیی کۆلیژی پزیشکی نەمر (زەکیە ئالکان) وەك نارەزاییەك لە هەڵوێستی گشتیی رای جیهانیو سەرنجراکێشانی دونیای مەدەنیەت بۆ دۆزی کورد، گڕ لە جەستەی خۆی بەردەداو نەك هەر کارەکتەرەکانی رۆمانەکە، بەڵکو بەملیۆنەها کوردو دۆستانیان لە جیهاندا دەهەژێنێ. ئیبراهیمی محەمەدی سیتی، برۆی سۆباری، مەلیکی مەیو خواردنەوەو یەکێ لە کەسەکانی رۆمانەکە بەم قارەمانییەتیو لەخۆبووردەییەی شەهید زەکیە وەك مرۆیەکی سەروبن بووبێو دواتر بکەوێتەوە سەرپێیان، ئاوا بەم رووداوە راست دەبێتەوەو دەست لە مەیو خواردنەوە هەڵدەگرێو هۆشی دێتەوەبەر.

*هەر لەو دۆخە ناهەموارەدایە، کە سۆبارتۆ پاش 25 ساڵ لە رووداوی سووتانی سینەماکە (1961) ئەمجا لە بارودۆخێکی نادیاردا بەندیخانەکەی گڕدەگرێو بۆنی سووتانی مرۆڤو بەتانیو پەڕۆ کۆن جارێکی دیکە ئاسمانی سۆبارتۆ دەتەنێ، کە دووکەڵو تەمومژ دەنیشێتەوە ئەمجارەشیان تەرمی سووتاوی (60) یەکە پیاوی سۆبارتۆ بۆ ئامودە دەبرێنەوە، کە ماوەیەك پێشتر لە کاتی چوونیان بۆ پرسەی شەهیدێکی نەتەوەپەروەر، لەلایەن دەزگا سەرکوتکارەکانی رژێمەوە بەخۆیانو تەنانەت شۆفێری سەیارەکانیشەوە کە ئاگایان لە هیچ نییە دەزگیردەکرێنو لە بەندیخانە توند دەکرێن تا ئەو رۆژەی هەموو پێکەوە دەسووتێنرێنو شەهید دەبن، کە یەکێکیان (محەمەدی سیتی) باوکی برۆو دینۆیە. ئا لەم هەڵوێستەشدایە کە برۆ بەپێرەفەلەکی جادووکار دەڵێ: ئەگەر ئاگر نەفسێك پاك بکاتەوە ئەوە نەفسی منە. لێرەشەوە ئیتر بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەداو بەنیازی شۆڕشو پێشمەرگایەتی روو لە چیا دەکا، چیای دۆستی هەمیشەییو پەنای هەمیشەیی کوردانی بێپەنا.

ڕەنگە لە زانستی فیزیکو ئەوانی دیکەو لە جیهانی ماددیاتدا ئەو رێسایە راست بێت کە دەڵێ: هەموو کارێك پەرچەکارێکی هەیە کە بەهەمان رادەی کارەکەیە، بەڵام بەپێچەوانەی ئاراستەیەوە. ئەمە تەنانەت لە ژیانو بڕیاری برۆشدا هەر ئاوا کەوتەوە، بەڵام مەرج نییە بۆ سلێمانیش هەر ئاوا بێت، بەڵکو سلێمان کاردانەوەیەکی دیکەی دەبێ کە بەهیچ شێوەیەك بە رادەو لە دژی کارەکەی رژێمدا ناشکێتەوە..!، بەڵکو بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، کە وێڕای هەموو نەهامەتییەکان هێشتا چاوی هەر لە دووی بەڵقیسە، بەڵقیسێك کە دوای شووکردنی بە کوڕە کەچەڵەو چوونی بۆ سعودیە، بۆ سلێمانو خەڵکی دیکەش دەردەکەوێ کە جگە لە سلێمان چەندین کوڕی دیکەیشی بەتەماو دەسخەڕۆ کردووە.

سلێمان لە خوێندنی زانکۆیش دوادەکەوێو سێ ساڵی لەسەریەك مۆڵەت وەردەگرێ لەکاتێکدا ئیبراهیم-برۆ دەچێتە چیاو دەبێتە پێشمەرگە، ئەم –سلێمان- لە دەرەوەی سۆبارتۆ دەبێتە سەرباز، بەڵام بەکۆمەكو ئیفلاس پێکردنی باوکی، واتا بە رەشوە لە جێیەکی وای دادەنێن، کە وەکو فەرمانبەرێك دەوامێکی هاکەزایی بکات. لە ماڵی مستۆ قۆپ-شەلیشدا ژوورێك بەکرێ دەگرێ.

ئیتر واز لە خوێندنەوەو هەموو شتێك دێنێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ لە ئازارەکانی ئەو ئەزموونەی خۆی لەگەڵ بەڵقیسدا لەبیر بکاتو دەبێتە گوێگرێکی شەوانەی مستۆی قۆپ، کە ئەویش کۆنە سۆبارتییەکی خاوەن

ئەزموونی خۆشەویستییەکی یەکلایەنەی بێ ئاکامەو ئەویش هەر لەو جوغزەدا دەخولێتەوە.

مستۆ ئەوەندە سۆبارچێتی دەکا بەرادەیەك وەختو ناوەخت دەرگای ماڵی بۆ هەر سۆبارتییەك کراوەیە کە رێی بکەوێتە ئەو شارە، تا رۆژێکیان یەکێك لەو سۆبارتیانە بەسەر ژنەکەیەوە دەگرێ، کابرا دەرباز دەبێو ژنەش خۆی لە قاتی پێنجەمی ماڵەکەیانەوە بەردەداتەوەو دەمرێو مستۆش بەلێقەوماوی بەخۆیو هەردوو کچەکەیەوە (هەمرین)و (لەیلا)وە یەکجاری دەگەڕێتەوە سۆبارتۆ.

سلێمان پێش ئەو کارەساتەی مستۆ بەماوەیەکی کورت سەبازبیەکەی تەواو دەکاو دەگەڕێتەوە سۆبارتۆ، وەلێ پێش ئەوە بەرێکەوت فریاڵی کۆنە سۆزانی لەگەڵ مێردە نوێیەکەیدا دەبینێتەوەو لەڕێی ئەویشەوە لەگەڵ (سیلڤا)ی کچە مەسیحیدا شوناسی پەیدا دەکا، دواتر دەردەکەوێ سیلڤایش قوتابییەکی دیکەی فاشیلی کۆلێژی فەلسەفەیەو کاتی خۆیشی لە زانکۆ دووراو دوور حەزی لە سلێمان کردووە، بەڵام سلێمان هەستی پێنەکردووە.

سیلڤاو سلێمان لەو ماوەیەدا کە سەربازە، پەیوەندییەکی جەستەیی گەرموگوڕ دادەمەزرێننو سیلڤا بەتکاو پاڕانەوە(!) کچێنیی خۆی بەسلێمان دەبەخشێ بەبێ هیچ بەرامبەرێك، دواتر سکیشی لێ پڕ دەبێ، بەڵام سلێمان رازی نابێ باوکاریی ئەو منداڵەی بکاتو سیلڤا لەسەر داوای سلێمان لەباری دەباو بۆخۆیشی دەچێتە ئەمریکا بۆ لای کەسوکاریو ئیتر ناگەڕێتەوە، سلێمانیش کە لەسەربازی دەبێتەوە دەچێتەوە سۆبارتۆو بۆ ساتەوەختێکیش ناتوانێ لە خولیای بەڵقیس خۆی دەرباز بکات.

لەو سەروبەندەدا بەڵقیسیش بەتۆراوی دێتەوە سۆبارتۆو لە کەچەڵەی مێردی دادەبڕێ، لەگەڵ سلێمانیشدا مەیل نوێ دەکەنەوەو ئەمجا پەیوەندییەکی جەستەیی گەرموگوڕیشی لێ دادەمەزرێننو لەسەری بەردەوام دەبن.

رۆژ بەخەیاڵو فەنتازیاو شەو بەخەونی ئەرخەوانیو دەستلەملانێو ماچو رازو گلەییو خۆشاوی ئۆخەی لەیەکترکردن بەڕێدەکەن، سنووری هەرچی دابونەریتو رەسم و یاساو حەڵاڵو حەرامو ئاساییو نائاساییو نهێنیو ئاشکراییو پەسەندو ناپەسەندو جوانو ناشرینو دەبێو نابێ هەیە هەمووی پێشێل دەکەن. حورمەتی پەرژینو دەرگاو دیوارو پیرۆزیی ماڵو تایبەتمەندییەکانی خێزانو بنەماڵەو واقیعو هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنن. پاساو بۆ هەڵەو گوناەو هەڵخلیسکانو بێ ئاگاییو تێنەگەیشتنەکان دەهێننەوە. پاکانە بۆ تاوانو خیانەتو جەورو جەفا دەکەن. دەروونشیکاریو سۆسیۆتوێکاری بۆ هەڵسوکەوتو بڕیارو کردەوە شیرنو ناشیرنەکان دەکەن. پەیمانی دڵسۆزیو خۆشەویستیی هەمیشەییو بەڵێنی راستکردنەوەی چەوتییەکانو پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانو بەرەودوا گێڕانەوەی مێژووی لەدەستچوو و سڕینەوەی ئەزموونی رابردوو و سەرەتایەکی نوێو دووبارە تێهەڵچوونەوە بۆ یەکتر دووبارەو سەدپات دەکەنەوە، بەڵام هەر دەگەنە تەزووی ئارامیو پۆپەی کار، سلێمان بیری بۆ ئەو ساتە هاوچەشنانە دەچێ کە لەگەڵ سیلڤادا جووت دەبوو و بەبەراوردی خێرای بروسکەییو لەگەڵ تەزووە خۆشەکەدا، یا راستتر بڵێم لەویش خێراتر بۆی دەردەکەوێ بەڵقیس لە ژنداریدا ناگا بە سیلڤا. بەڵقیسیش لە گەرمەی هەڵچوونی لافاو و کەفوکوڵی خۆشیدا خەریکی بەراوردی دەموپلو چاو و برۆو پرچو کەچەڵیو تەمەنو توانای سەفەری مێردیو سلێمانی دۆستی دەبێ..!. بەڵقیس بیری بۆ لاویو کچێنیی لەدەستچوو و تەنهاییو ژیانی پەراوێزو ساردوسڕیی کەچەڵەی مێردی دەڕواو سلێمانیش بیر لە ژنێکی دیکە دەکاتەوە، کە هەردوو سیلڤاو بەڵقیسیشی تێدا بێت..!.

لەڕاستیشدا ئەو لاپەڕانەی کۆتایی دەرگای پێنجەمی رۆمانی سۆبارتۆ لە چاپە کوردییەکەدا لە پایینی (ل172) دەستپێدەکاو لە چاپە عەرەبییەکەشدا لە (ل195)ەوە، کە درێژترین گفتاری بەڵقیسە لە دەقەکەداو بەنامەکانەوە نزیکەی (10) لاپەڕەی کتێبەکە دەکێشێو ئەمەش لە سنووری ئاسایی دیالۆگی ناو رۆمان

تێدەپەڕێنێ، بەڵام بەڕاستی شاکارێکی بێوێنەیە لە مورافەعەو داکۆکی لەخۆکردن، تۆمارێکە دەروونشیکاریو توێکاری سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژیی کچێکی لەخشتەبراوی دەستی دایكو بابو برای ژێر فشاری کۆمەڵایەتیو دابونەریتو ئایین، کچێکی بێئەزموونی ژێر فشاری حەزو ئارەزووی سێکسیو هەڵوەدای دوای زێڕو سامانو مۆدیلی جلوبەرگو خۆشگوزەرانیی ژیان.

پاکانەیەکی پەسەندە بۆ هەڵخەڵەتانو لەخشتەچوونی کچێكو خیانەتکردنی لە سلێمانی دڵداری نەداراو هێشتا قوتابی، کە بۆ خوێندنی زانکۆیی دەرواو بەجێی دەهێڵێ، سلێمانێك کە دایكو باوكو برای کچە بەزاوایەتیی ئەو نارازین.. لەهەمان کاتدا پاساوە بۆ خیانەتی بەڵقیسو پەیوەندییەکانی پاش شووکردنی لەگەڵ (مورادی یەکەم)و (مورادی دووەم) ئەگەرچی ناشگەنە ئاستی پەیوەندیی راستەوخۆی جەستەییو یەکەمیان دەگاتە رادەی (سێکسی تەلەفۆنی)و رادەوەستێ، بەڵام لەگەڵ سلێماندا هەموو سنوورێك دەبەزێنێ.

پاکانەوەو پاساوەکانی بەڵقیس، ئەگەر هەڵسوکەوتەکانی سلێمانیشیان بچێتە سەر لەگەڵ ژنانی وەك سەلماو فریالو نێرگزو دواتر سیلڤاش، ئەوا بۆ خوێنەر کە تا دەگاتە کۆتایی دەرگای پێنجەمو دەرگای شەشەمی رۆمانەکە هێند راستگۆیانەو مەنتیقیانەن، کە ئیتر باوەڕ بەقسەکانی بەڵقیسو بێگوناهیو بێتاوانیی ئەو و لێبووردەییەکەی سلێمانو دووبارە تێهەڵچوونەوەیان بێنێو سەرجەم پرۆسەکەی لەلا ئاساییو پەسەند بێت.

لەسەر ئاستی گێڕانەوەش ئەم دیالۆگە درێژەی سەرەوە، وردەکارییەکی هونەریی گەورەیەو وا دارێژراوە کە خوێنەر هەست بەبێزاریو درێژیی دیالۆگەکە نەکات، کە بەخورەمو بەبێ برینو بەبێ پرسیارو وەڵامی سلێمان بەردەوام دەبێتو رێك وەکو (مورافەعەی پارێزەرێکی بەرگریی) شارەزا خۆی دەنوێنێ، کە بەرامبەر قازییەکی تاوانبار بەرگری لە خودی پارێزەری گوناهبار بکات، نهێنیی جوانیو سەرکەوتوویی ئەم دیالۆگەیش لەوەدایە کە (دیالۆگێکی بونیادنەر)ەو رەوتی بەرەوپێشچوون لە گێڕانەوەکە ناگرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەوەوە کە نهێنییەکانی ئەو رۆژانە ئاشکرا دەکا کە سلێمانو بەڵقیسو تەنانەت خوێنەریش ئاگایان لێ بڕاوە، بەردەوام رووداو و پرۆسەی گێڕانەوەکەش بەرەوپێش دەبا.

ئەمە لەسەر ئاستی وەزیفەو سروشتی دیالۆگی سەرکەوتووی نێو رۆمان، لەسەر ئاستی وردەکاریو جوانکاریو جوانناسیو ئیستیعارەو مەجازو لێکچواندنو تەنانەت رێنووسو رستەسازیو وشە رۆنانو بەکارهێنانیشدا، ئەم دیالۆگە درێژەی کۆتایی دەرگای پێنجەمی رۆمانی سۆبارتۆ، نموونەیەکی باڵاو زیندووی بەبڕشتیو بەپێزیی دیالێکت/ شێوەزاری کرمانجی ژووروەوە، ئەگەرچی سەرجەم پەخشانی حەلیم یوسفو هەروەها کارەکانی (محەمەد ئۆزون)یش سەرنجراکێشو هونەرینو بەڵگەو گەواهیی زیندووییو هاوچاخی شێوەزاری کرمانجی باکوور دەدەنو دەیسەلمێنن کە گەنجینەیەکی نەتەوەیی گرنگەو تا زووترە لە هاوشانی کرمانجی خواردوودا بخرێتەکار هێشتا درەنگە، هەروەها (خوسرەو جاف)یش لە رۆمانی (دەربار)دا مامەڵەیەکی ئاوای بەمەسئولیەتی لەگەڵ شێوەزار/ دیالێکتی (گۆران)دا کردووە، کە لەتەك کرمانجی خواردوودا لەو تێکستەدا بەسەرکەوتوویی بەکاری بردووە. ئەمە لەوانەشە ئەرکی راستەوخۆی (رۆماننووس) نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم (رۆمان) باشترینو لەبارترین شوێنێکە ئەم هەوڵەی تێدا بدرێ، ئەگەر پەروەردەکارانو زمانزانانو کۆڕی زانیاریو سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی ئەو هەستە نەتەوەییەیان نەبوو و ئەو ئەرکە پیرۆزەیان بەجێ نەهێنا. پێشموایە ئەوەی دیالێکت، یا زمان بەگشتی بەزیندوویی دەهێڵێتەوەو گەشەشی پێدەکا ئەوەیە کە پێی بنووسرێ، نووسینیش پیشەی تاکەکەسی نووسەرانە نەك دامودەزگاکان.

با لەمە زۆرتریش دوورنەکەوینەوە، هەر ئەم (مورافەعە)یەشە کە لەسەری وەستاوین، وا دەکا سلێمان متمانە بە بەڵقیس بکاتەوەو لەسەر داوای ئەو جارێکی دیکە بچێتەوە بەرخوێندنی زانکۆیی، لێ لە گەرمەی دوا تاقیکردنەوەکاندایە کە بەڵقیس بەشێوەیەکی کتوپڕو بۆ جاری دووەم وڵی دەکاتەوەو بەدەست تێکەڵکردن

لەگەڵ (فەلەك)ی رموزندا، فەلەكی هەردەم لە شێوەیەكو هەركات لە بەرگێكو هەروەخت لەسەر سەودایەك، سلێمان نائومێد دەكاتەوە لەخۆیو لە مەملەكەتە پڕ لە نهێنیو عەجایەبەكەی فەلەكدا دەبێتە (شاژنی رابواردن)، سلێمان كە لەم دۆخە نوێیەدا دەیبینێو كە مردنی دایكیو مستۆ شەلیشی بەسەردا دێت، سلێمان ئیتر حیكمەتی خۆی لەدەست دەداو پێی لە زەویی واقیع دەبڕێو لە فەنتازیایەكی كاریكاتێرییانەدا دەچێتە كراسی (سلێمانی حەكیم)ەوەو هەموو هێزە نهێنیو سروشتیو كەرەستەو ئامرازەكانی ئەو، لە (پەپلە سلێمانی)و (ئەنگوستیلە)و (دێو و درنج)و (پەلەوەر)و (جنی)و (تاجو تەختو عەرش)، بۆ خۆی دونیایەكی فەنتازی بۆ تۆڵەكردنەوەو چەسپاندنی دەسەلأت دادەهێنێ، تووڕە دەبێ، گەف دەكا، بڕیاردەدا، فەرمان دەردەكا، بەلأم دەخورێو نابڕێ، هێزێك لەو هێزە ئەفسانەییانەی سلێمانی حەكیم، سلێمانی پێغەمبەری دێرین بەدەنگ سلێمانی هاوچاخی سۆبارییەوە ناچێت، دێوو درنج، پەپلە سلێمان، تەیروتوورو هێزە پەنهانە ئەفسانەییەكان هیچ كامێكیان بەگوێی ناكەنو ئامادەنین هەتا سەر لە كەوتنە بەردەوامەكانیدا باربووی بكەن. ئاكامیش خۆی لە رارەوەكانی خەڵوەتخانە هەزارلۆغانەو پڕ لە نهێنییەكەی (فەلەك)ی جادووكارو لە دەروازەی كابینە تایبەتییەكەی بەڵقیسی شاژنی رابواردندا دەبینێتەوە، كە بەجەستەی رووتو گەڵی دابچڕاوەوە پێشوازی لەو شەواڵپلیتە دەسرۆیانە دەكا، كە ریزیان بۆ گرتووە.

سلێمانی (نا) حەكیمی هاوچاخی سۆبارتی ئیتر لێرەدا كۆتایی دێتو لە سرووتێكی (نێرڤانا) ئاسادا دەسووتێ، بابی عەمشەی شاخداری جێكێشیش لەسەر فەرمانی بەڵقیس خۆڵەمێشەكەی گەسك دەدا، كە بێدەربەستانە بەڵقیس گازی لێدەكا:

(-وێ مێرێ دەرباس بكە، ئەڤ هەفتەیەك قەدیا كو ئەڤ پەپوك ل بەر دەرێ، ل سەر دۆرێ یە).

واتا ئەو پیاوەم بۆ بكەرە ژوووەوە كە ئەوە هەفتەیەكە لە سەرەدایە، ئیتر كابرای ناوداری خاوەن پێكەنینە ناسراوە سەر لاكێشەییەكە خۆی بەژووردا دەكا، كە لە زەینی هەموو سۆبارتیەكدا وێنەی (شێرێكی!) دەموچاو درێژی لاكێشەیی، بەلأم بەسرووشت رێوی وێنا دەكا.

سلێمانی سۆبارتی ناحەكیمی هاوچاخ لێرەدا لە كۆتایی دەرگای شەشەمی رۆمانەكەدا كۆتایی دێت، بەلأم رۆمانەكە بەخۆی كۆتایی نایەت، بەڵكو حەلیم یوسف لە هەنگاوێكی داهێنەرانەدا ئێمەی خوێنەر دەباتە بەردەركەی دەرگای حەوتەمی رۆمانەكەو بەپێچەوانەی حیكایەت كەلەپووری كوردییەوە، كە هەمیشە كردنەوەی (دەرگای حەوتەم) لە پاڵەوانی حیكایەتی قەدەغە دەكا، حەلیم بەئێمەی خوێنەر دەڵێ: (..ژ بەر كو ئەز وە ل بەر دەرێ هەفتان بهێڵم، لێبورێنێ دخوازم، هێڤیا من ئەوە كو هوێن بخوە دەرباس ببن.. فەرمووو!..

واتا بەداوای لێبووردنەوە من بەجێتان دەهێڵم، ئەوە دەركەی هەفتەمو بۆ خۆتان وەژووركەون.. دەفەرموون. لێرەشەوە ئیتر دەرگای فەنتازیاو خەیاڵی بلاو بۆ وێناكردنی ئەو دیوی دەرگا زۆرە داخراوەكانی دیكەو كونجو شوێنە تاریكەكانی دیكەی ئێستاو داهاتووی سۆبارتۆ لەبەردەم خوێنەری داهێنەردا دەكرێتەوە، بۆ ئەوەی مەزەندەیەك لە داهاتووی بدات. لە راستیشدا حەلیم یوسف لە گێڕانەوەی سۆبارتۆدا ئەگەر بشێ دەڵێم تەكنیكی (گێڕانەوەی هەمەلایەن)ەی بەكاربردووە، رۆمانەكە بەشێوەیەكی سەرەكی بە راناوی كەسی یەكەمی تاك (من) دەگێڕدرێتەوە، وەگێڕەكەشی خودی كارەكتەری سەرەكیی رۆمانەكە (سلێمان)ە، لێ سلێمان بەتەنیا شێوەی گێڕانەوەی زاتی پێڕەو ناكات، بەڵكو هەندێ جار وەك (وەگێری شایەتحاڵ)و هەندێك جار وەكو (وەگێری ئۆڵۆمپی)یش گێڕانەوەكە رادەپەڕێنێ. یا وەكوتر بڵێم لەسەر سێ ئاستو لە نێوان سێ گۆشەنیگای جیاجیاوە رۆمانەكە دەگێڕێتەوە: وەك وەگێڕێكی زاتی كاتێك كە باس لە خۆیەتی، وەك وەگێڕێكی شایەت عەیان كاتێك باس لە دەوروبەرەكانی دەكاو وەك وەگێڕێكی فرەئاگایش كاتێك باس لەوانەی دوورتر دەكاو نەك هەر وەسفی دیوی دەرەوەیان، بەڵكو لە ڕووی دەروونییشەوە هەڵیاندەسەنگێنێو لە چاوی ئەوانیشەوە شتەكان دەبینێ.

سلێمان هەر بەتەنها باس لە زاتی خۆیو ئەو رووداوانە ناکات که بەسەر خۆیدا هاتوون، یا بەخۆی بیریان لێدەکاتەوە، بەڵکو باس لە مەوزوعی ساتی ئێستای (ئەوانی دیکە)یش دەکا کە (دەیانبینێ) وەك ئەوسای کە بەسەرهاتی برۆو شێرۆو بابی عەمشەو فاروقو رەشۆو هاوتەمەنەکانی دیکەی خۆی دەگێرێتەوە، هەروەها باس لە مەوزوعی غائیبیش دەکا، ئەوانەی کە خۆی تێدا کارانییەو ناشیبینێ واتا هاوچاخیان نییە، بەڵکو (دەیانبیستێت) وەك ئەوەی کە لەبارەی مستۆ شەلەوەی دەگێرێتەوە. ئەوەیشی ئەم هاتوچۆیەی نێوان ئەم سێ گۆشەنیگای گێرانەوەیەی بۆ سلێمان ئاسانو لای خوێنەر پەسەندو بێگرفت کردووە، ئەگەرچی وەگێرو لەپشتی ئەویشەوە حەلیمی رۆماننووس هیچ ئاماژەیەکی چاپەمەنی وەك کەوانەی گەورەو داشو جووتە کەوانەو هی دیکەیش بەکار نابەن بۆ جیاکردنەوەی ئاستو جۆرو سەرچاوەی گێرانەوە جیاجیاکان، ئەوەیە کە لەسەر ئاستی (شێواز-ئسلوب)دا حەلیم بۆ گێرانەوەی زاتی (قسەی راستەوخۆ- Direct speech)و بۆ گێرانەوەی مەوزوعی (قسەی ناراستەوخۆ-Indirect speech ) بەکاردەباو ئەم شێوازەیەش رێگە بە (وەگێرە زاتییەکە-سلێمان) دەدا بەبێ ئاماژەی چاپەمەنی قسەو بەسەرهات، دیالۆگی ئەوانی دیکە بۆ خۆی داگیر بکاتو پاش تێپەڕاندنیان لە فلتەری خۆیەوە بە (زاتیەتێکی) خۆیەوە بیانگێرێتەوە، بۆیە ئیتر پێویستیان بەوە نییە بەئاماژەی چاپەمەنی-ئیشاراتی تیباعی وەك کەوانەو شتی دیکە لە قسەکان-گفتار-خیتابی خۆی جیاجیان بکاتەوەو ئەم دیاردە لە زۆر بەشی رۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێ، بەتایبەتیش لە شەش شەوبێرییەکەی مستۆی قۆپدا، کە خوێنەر راستەخۆ لە مستۆوە نایبیستێ، بەڵکو لە پاش تێپەڕبوونی بەفلتەری سلێماندا پێی دەکا، کە ئەمیش بەخۆی لە رووداوەکانی پێش ناسینیدا نائامادەیەو بەخۆیشی نەیدیون، بەڵکو لە مستۆیان دەبیستێو دەیانلێتەوە.

ئەم تەکنیکە لەلایەکی دیکەوە رووبەرێکی فراوانی زۆری بۆ رۆماننووسەکەش هەڵخستووە، کە لە نێوان شوێنی جیاو کاتی جیادا سەربەستانە بێتو بچێت، لە رووی بەکارهێنانی زانیاریو کەرەستەکانی دیکەشەوە ئازادانە سوود لە مێژوو و ئەفسانەو کەلەپوورو کولتووری خۆماڵیو بیانیو زانستەکانی سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیو ئەنتەرپۆلۆژیاو ئەتنۆگرافیو زۆر بواری دیکەیش لە ئەدەبی نووسراو و سەرزارەکیش ببینێو لەگەڵ رۆشنبیریو داهێنانی خۆیو ئەوانی دیکەدا تێکەڵکێشیان بکات، واتا بە (تەناس) دووبارە بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێو بەو مەبەستەی خۆی گەرەکێتی بیائافرێنێتەوە.

ئەوەیشی کە جگە لە سلێمان لە رۆمانی سۆبارتۆدا گوێمان لە دەنگی راستەوخۆی دەبێ بەڵقیسە لە کۆتایی دەرگای پێنجەمدا کاتێك کە بەسەرهاتی خۆی لە شێوەی مورافەعەیەکدا بۆ پاکانەکردن بۆ سلێمان باس دەکا.

وەلێ ئەوەی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ دێتە پێشەوەو راستەوخۆ قسە بۆ خوێنەر دەکا، خودی حەلیم یووسف-ی رۆماننووسە، کە لە ئەنجامی سووتانی بەندیخانەو مردنی نزیکەی (60) پیاوی یەکی یەکی ئامودەوە، راستەوخۆو بەناوی خۆیەوە لە (ل114)دا دەکەوێتە ئاخاوتن:

(...ئو تو ئەی حەلیم یوسف چی ئیشێ تە پێکەتیە؟ توچما دەنڤیسێنی؟ گاڤا خەلك دشەوتین، جەە دشەوتین، سلێمانێ داوێ دشەوتی ئو هەزار گرێی دی دلێ تە دە دشەوتین ئوتو کەس نابینی، تو کەس نابیستی، تو کەس پێ هەست نابە، ئوتو کەس بێهنا شەواتا ڤێ گۆشتێ چار هاوێر ل بەر دەستو ئاگری نەکە. ما گەلو نڤیساندن ژی بو چییە؟ (...) مانەچێتژە پێنڤیسا خوە ژی باڤێژی ناڤ ئاگرو بشەوتینی؟!...).

ئەمە دەشێ وەك قسەی خودی حەلیم یوسف تەماشا بکەین کە لەژێر کاریگەریی رووداوی سووتانی بەندیخانەکەو لەدەستدانی ئازیزانیدا لە ئەتەکێتی باوی نووسینی رۆمانو لە کۆنترۆڵو فلتەری کارەکتەری سەرەکیو هەم رۆمانبێژی سەرەکی (سلێمان)یش خۆی دەرباز دەکاو بە جێگۆڕکێکردن بەراناوی (من)و (تۆ)

واتا گۆڕینەوەی کەسی یەکەمی تاك بە کەسی دووەمی تاك خۆی قسە بۆ خودی خۆی دەکا، ئەمیش شێوەیەکە زمانی کوردی ڕێی پێدەدات بەتایبەتیش لە کاتی سەرزەنشتکردنی خۆدا وەك ئەوەی یەکێك بەخودی خۆی بڵێ (کورە نامەردت نەکەن تۆ کەی ئەوەندە ترسنۆك بووی؟!)، ئەگەرچی (ڕۆبەرت هەمفری) لەکتێبەکەیدا (تیار الوعی)و لە کاتی دیاریکردنی شوێنو کاتو دۆخی جێگۆڕکێ پێکردنی (ڕاناوەکان)دا هەستی بەم جۆرە جێگۆڕکێ پێکردنەی (من)و (تۆ) نەکردووە، کە لەوانەیە لەو زمانەدا نەبێ کە ئەو پێی دەئاخفێ، وەك لە زمانی کوردیدا بواری پێدەدرێ، یا لەوانەشە دیالۆگەکە هەر ئەسڵەن هی کارەکتەرو وەگێڕی سەرەکیی ڕۆمانەکە بێت، کە ئەویش لە ساتەوەختێکی هەڵچوونی دەروونیداو لەژێر قورساییو تیژی گرتێبەربوونی زیندانو سووتانی ئەو (60) کەسایەتییەدا ئەویش (سلێمان) لە داهێنەرەکەی (حەلیمی ڕۆماننووس) یاخی بووەو وەك نارەزایی دەربرینێك لەو هەموو کارەساتەی کە لەتێکستەکەدا بەسەری دەهێنێ بەگژیدا بچێتو لە ڕووی بوەستێو لێی هەڵگەڕێتەوە، هەردوو ئەگەرەکە ڕێیان تێدەچێتو بۆ ڕۆمانی نوێ لەبارن، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم حوزووری ڕۆماننووس ئاوا بەناوی خۆیەوە لە تێکستدا بۆ خوێنەری ڕۆمانی کلاسیکی کارێکی نائاسایی دەبێ، چونکە ڕۆماننووسی کلاسیکی هەمیشە لە هەوڵی خۆشاردنەوەن لە خوێنەر.

لێرەدا با ئەوەش بڵێم کە حەلیم یوسف لە ڕۆمانی سۆبارتۆدا لانی کەم دووچاری غەفڵەتێك بوو، ئەویش کاتێك لە لاپەرەکانی (153و 154)دا هەروو کەسایەتیی (سدیقۆ)و (هۆڤۆ)ی وەك یەك کەس لە ڕووداوی مانگاکەدا باس کردووە، بەڵام لە لاپەرە (30)دا لەسەر (فرەژنیو فرەمێردی) ئەم دوو کەسایەتییە (سدیقۆ)و (هۆڤۆ) دیالۆگو گەنگەشەیان هەیە. جگە لەمە هەرگیز لە تێکستەکەدا ناوی فەرمی (هۆڤۆ) نەهاتووەو هەر لە سەرەتاوە بە (هۆڤۆ-گەوج) باسی هاتووە، بەڵام (سدیقۆ) ناوی سدیقەو دواتر نازناوی (مەلا)ی بەسەردا دەبڕدرێ، چونکە دەم لە کاروباری ئایینو شەرع وەردەداو قەتیش بەدرێژایی تێکستی ڕۆمانەکە پێی نەگوتراوە (هۆڤۆ)، کەچی ئەم غەفڵەتییە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەشدا بەسەر حەلیمدا تێپەڕیوە، کە بەخۆی وەرگێڕاوەتە عەرەبی.

پاش ئەم گەشتەم بەنێو (203) لاپەرەکەی نێو ڕۆمانی سۆبارتۆی حەلیم یوسفدا، بەدڵنیاییو شانازییەوە دەڵێم شاکارێکی داهێنەرانەی ئەقڵێکی ناوازەیە، هەر بەتەنها کارەساتی سلێمان-ی هاوچاخی سۆبارتی-ئامودە نییە، بەڵکو تۆماری مێژووی پڕ لە نهێنیو خەفەکراو و لەبیرکراوی تەواوی خاكو گەلی سۆبارتۆ/ کوردستانە. هەر بەتەنها تراژیدیای پیاوان (نێرینەکان)ی سۆبارتۆیش نییە، بەڵکو مێژووی سەرکوتکردنو پەراوێزخستنی تەواوی ژنانی ئیرادە زەوتکراوی سۆبارتۆ/ کوردستانە، کە ئەمانە بەدەستی پیاوانی خۆیانەوەو پیاوانیشیان بەدەستی دەسەڵاتی داگیرکەرو سەرکوتکارەوە ژیانێکی کۆیلەییو پڕ لە کوێرەوەری بەسەر دەبەن.

سۆبارتۆ پەیامی مرۆڤی ڕۆشنبیری کوردە بۆ جیهانی شارستانی، دیاریو بەشداریکردنی داهێنەری تاکی کوردە لە دەوڵەمەندکردنی کەلەپوورو کولتووری مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتیش لە بواری ڕۆماندا، سۆبارتۆ لە بیرەوەریو ویژداندا دەمێنێ.